هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە (١٠٠) لە ٢٠٢١/٤/٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٥) لە ٢٠٢١/٤/٢١، بڕیار درا بە:

١. سازدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان تایبەت بە بابەتی وشکەساڵی لە هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە ئامادەبوونی پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، شارەوانی و گەشتوگوزار، پلاندانان) و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دواتر دەرئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران